# لێکهەڵوەشان،
# میراتی ناکۆکی

شرۆڤەیەک لەسەر دوو ڕۆمانی «سەمفۆنیای مردووەکان» و «فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو» لە نوسینی عەباس مەعروفی.







سیروس عەلی‌نژاد
لەفارسییەوە: باران

دوو ڕومانی «سەمفۆنیای مردووەکان» و «فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو» هەردووکیان بەر لە دەسپێک ئاماژە بە ئوستورەیەک دەکەن، کە تەڤەری ڕومانەکە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت. سەمفۆنیای مردووەکان بە ئاماژە بە ئوستورەی هابیل و قابیل دەستپێدەکات و فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو، بە ئاماژە بە ئوستورەی فەرەیدون لە شانامەدا، کە جیهان لە نێوان سێ کوڕەکەیدا دابەشدەکات . ئێران کە باشترین پشک بوو، بەخشی بە ئیرەج. یونان و ڕۆم و شامی سپارد بە سەلم و تورانی دا بە تور، بەڵام سەلم و تور ئیرەییان بە ئیرەج برد و لە جەنگێکدا لەناویان برد.

هاوتایی دوو ئوستورەکە ئاشکرایە، جگە لەوەی کە لە «فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو»دا بابەتی ناکۆکییەکەش، ئاشکرایە کە هەمان ئێران و شۆڕشەکەیەتی.

ناوەڕۆکی دوو ڕۆمانی «سەمفۆنیای مردووەکان» و «فەریدون سێ کوڕی هەبوو»، جیاوازی تێڕوانینی باوکەکانە لەگەڵ کوڕەکان لەلایەکەوە و ناکۆکی براکان، لەلایەکی دیکەوەیە. نوسەر جەخت لەسەر ناکۆکی نێوان براکان دەکاتەوە و ڕووداوی سەرەکی دوو چیرۆکەکە لەسەر ئەو بنەمایە دادەمەزرێنێت. لە کۆتایی کارەکەشدا ئەو شتەی دەبینرێت لێکهەڵوەشانە.

لە «سەمفۆنیای مردووەکان»دا ئەم لێکهەڵوەشانە لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی و خێزانیدا ڕوودەدات و لە «فەریدون سێ کوڕی هەبوو»دا لە گۆڕەپانی سیاسی و نەتەوەییدا. لەڕاستیدا ئەو شتەی لە «سەمفۆنیای مردووەکان»دا دەستی پێکرابوو لە «فەریدون سێ کوڕی هەبوو»دا کۆتایی پێ دێت.

لە سەمفۆنیای مردووەکاندا، کە ڕومانێکی کۆمەڵایەتییە، هۆکاری ناکۆکییەکان ڕق و قین و ئیرەیی و هەست بە بچووکیکردن و خۆویستییە پلاندارێژراوەکانە، بەڵام هۆکاری سەرەکی هەمان ناکۆکی فیکرییە، کە بە شێوازگەلی جیاجیا و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ڕوودەدات. خۆرگیرانێکی لەناکاو، نیوەڕۆ دەگۆڕیت بە نیوەشەو و ئەمە لەبەرچاوی باوک، کە کەسێکی خوڕافاتییە وەکو هێمایەک بۆ تووڕەیی خوا دەبینرێت (خودای جابر ئورخانی، لەگەڵ خوداکانی یونانی کۆندا جیاوازییەکی نییە). هێرش دەکاتە سەر کتێبەکانی کوڕەکەی، کە ڕومانگەلێکن وەکو «باوکە گوریۆ» و «تاوان و جەزا» و ئاگریان دەدات و کوڕەکەی تری «ئورهان» کە دەستپەروەردە و شوێنکەوتووی خۆیەتی یارمەتیدەدات.

نوسەر ئەوەمان پیشاندەدات، کاتێ هۆکاری دژایەتی، نەزانی بێت، چەندە ترسناکتر لە شێوەکانی تری ڕوودەدات و هەموو شتێک دەسووتێنێت. سەرەڕای ئەوەش ناوی ئەو کارە دزێو و ناڕەوایە دەنێت، پارێزگاریکردن لە دین و بڕواکان و پێیوایە ڕۆحی شەیتانی ڕاوناوە. دوای ئاگر کەوتنەوەکەی پێشوو، ئێستا ئیتر ژێر تەختەخەوەکە، سەر ڕەفەکان، تەنیشت پلیکانەکان و سوچی ژوورەکە پڕببوو لەکتێب و دەفتەر. ئایدین شیعری دەنوسی و لەگەڵ چەند شاعیرێکی دیکەدا پەیوەندیی هەبوو. «بابە وتی: نەوت بڕێژە. من دەبەی نەوتەکەم بردە ژوورەوە ڕژاندمە هەموو شوێنەکاندا، پاشان ویستم تەختەخەوەکە ببەمە دەرەوە، کە باوکم ڕێگری لێکردم. بابە وتی: شقارتەکە داگیرسێنە و من دامگیرساند... بابە وتی: ئەمە ڕۆحی شەیتانە خەریکە دەسووتێت.»

لە سەمفونیای مردووەکاندا، باوک دەیەوێت ئایدین لە خوێندن و زانکۆ، کە سیمبولی بیرکردنەوەیە دووربکەوێتەوەو ڕوو لە کاسبی و بازاڕ، کە هێمای پارە و دەوڵەمەندییە بکات. پێیدەڵێت: «تۆ پێتوایە بە خوێندن بە کوێ دەگەی؟ دوای سی ساڵ دەرس خوێندن چەند مووچەت دەدەنێ؟ قامکی دۆشاومژەی لەبەر دەموچاو ئایدینەوە تەکاندا: «ها؟ چەندت دەدەنێ؟ لەناو بێدەنگی ئایدیندا پتر و پەڕوباڵی لێڕوا، کە بڵێت: «سەد تمەن؟ هەزار تمەن؟ خۆ لە شا زیاتر وەرناگریت. من هەر لە ئێستاوە پێتدەدەم بە مەرجێک واز لە خوێندن بێنیت و ببیت بە مرۆڤ.»

سەرقاڵبوون بە کتێب و دەرسەوە، لەناو هزری باوکیدا وەکو شۆڕش لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، کە دەتوانێت ببێتە مایەی سەرئێشە. باوک کە خۆی نوێنەری بازاڕە، لەگەڵی ناتەبایە و ڕاوێژکارەکەشی «ئەیاز پاسەوان» بەتەواوی دژی ئەوەیە.

باوک پرسیار لە ئەیاز« دەکات کە دەتوانرێت وەکو نوێنەری بەشی



عەباس مەعروفی

سەربازی و ئاسایشی وڵات سەیربکرێت»: دەبێ چی بکەین ئەیاز؟ وەڵامی ئەیاز بەبڕشت و نەگۆڕە: دەبێ ڕێگری لێبکەین. ئەو بیرکردنەوانە دەبنە هۆی ئەوەی بەرهەڵستی بوەستنەوە، بۆئەوەی کێشەیەک دروستنەبێت، باوک خۆی دەسبەکاردەبێت. سەرەتا لە ژوورەکەی دووری دەخاتەوە و دەینێرێتە ژێرزەمین، دوای ماوەیەک کە دەبینێت ئەم کارە هیچ سودێکی نییە، ژێرزەمینەکەشی پێ ڕەوا نابینن و دیسانەوە ئاگر لە کتێبەکانی بەردەدەن و دۆزەخێک دەخولقێنن، کە کاتێ ئایدا جمکەکەی تری ئایدین مێرد بە پیاوێک دەکات، کە لە شارێکی دوور دەژیت، ئامۆژگاری دەکات: «بڕۆ ئیتر مەگەڕێوە بۆ ئەم دۆزەخە.»

بارودۆخی مەجید و سەعید و ئیرەجیش لە «فەریدون سێ کوڕی هەبوو»دا هاوشێوەی بارودۆخی ئایدینە لە «سەمفۆنیان مردووەکان»دا. بابە وتی: «تا پای گیانم لەپشتتانم، بەڵام ئەگەر بە تاوانی سیاسی بگیرێن، هەنگاوێکیشتان بۆ هەڵناگرم. من نیم ئیتر.» یان: «ئەگەر دەتانەوێت بڕۆنە زانکۆ تاکو ڕاستەوخۆ بخرێنە بەندیخانەوە، پێویست ناکا بخوێنن، وەرن بۆ کۆمپانیای بی ئێف گودریچ.»

سەرەڕای ئەمە، ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر دۆخەکەدا هاتووە، لەو ساڵانەی «سەمفۆنیای مردووەکان» تێیدا ڕوودەدات (دەیەکانی بیست و سی) تا ئەو کاتەی سەرەی ڕووداوەکانی «فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو» دەگات (دەیەکانی پەنجا و شەست) بە تەواوی دیارە.

ئەگەر باوک لە «سەمفۆنیای مردووەکان»دا چەرەسات و گوڵەبەڕۆژەی دەفرۆشت لە «فەریدون سێ کوڕی هەبوو»دا باوک خاوەنی کارخانەی تایەی بی ئێف گودریجە بە قەوڵی دایکی لەگەڵ شا پالودەی دەخوارد، واتە کابرای کاسبی، دەیەی بیست و سی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیکردووە و بووەتە خاوەنی کارخانە. کوڕەکانیش گەشەیانکردووە و هەموویان کەم یان زۆر خوێندەواریان هەیە. لە «سەمفۆنیای مردووەکان»دا ئایدین ڕوناکبیرێکی ناتەواو بوو، کە دەیویست بڕواتە زانکۆ، بەڵام لێرەدا ئیرەج ڕوناکبیرێکی تەواوە، کە خوێندنی زانکۆی تەواوکردووە. ئەوانی تریش خوێندنی زانکۆیان تەواوکردووە.

لە «سەمفۆنیای مردووەکان»دا براکان تووشی وەها ڕقوقین و ئیرەییەکی کوێرن، کە کەسیان بواری بینینی ئەنجامی کارەکەی نییە. هەموویان تێدادەچن، بەڵام لە «فەریدون سێ کوڕی هەبوو»دا، لانیکەم چەند کەسێکیان ئەو بوارەیان بۆ دەڕەخسێت، کە ئەنجامی کارەکە ببینن، بەڵام چ ئەنجامێک؟ ئەنجامێک کە نەبینینی باشترە لە بینینی.

لە درێژەی هەمان گفتوگۆدا ئەسەد لە وەڵامی باوکیدا کە پرسیویەتی: «دەتوانن پێکەوە بسازن؟» دەڵێت: «بەڵێ باوکە. ئیمام خومەینی فەرموویەتی تەواوی حیزبەکان بە هەر بیروبووچوونێکەوە، دەتوانن بەشداری شۆڕش بن.» و گێڕەرەوە (مەجید) کە بە شێوەی بیرەوەری ئەم قسانە دەگێڕێتەوە دەڵێت: «ئێمە لە کوێ ئەمانزانیبا دواتر هەموومان بە خوێنی یەکتر تینوودەبین؟ تەنانەت گرنگیمان بەم قسەیەی باوکم نەدا کە وتی: فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو، بەڵام ئێوە بە باشی شانامەتان نەخوێندوەتەوە، تاکو بزانن براکان چی بەسەر یەکتری دێنن.»

دوای ماوەیەک بە ئامازەکردن بەو شتانەی بەسەریاندا هات، دەگاتە ئەنجامێکی گشتگیرتر: «گێژ و وڕبووین، بێ ئامانج بووین، چێژمان لە شکاندن و سوتاندن دەبینی، نەماندەزانی چیمان دەوێت. دووکەڵ بەرچاوی گرتبووین و هیچکاتێکیش لە خۆمان نەپرسی لەبەرچی»، هەروەها ماوەیەک دوای ئەوە، کاتێ منداڵەکانی خاوەنی کارخانەی تایەکە، دەڕژێنە ناو ئەمباری کارخانەکەی باوکیان و هەمووی دەسوتێنن، ئەنجامەکەی زۆر تاڵتر دەبێت. شارەکە لەناو ئاگردا دەسووتێت. مەجید دەڵێت ئەمە شارەکە نەبوو دەسوتا، ئەمە هەبوون بوو دەسوتا.»

دواجار لە «سەمفۆنیای مردووەکان»دا ئایدینی ئورخانی بە هۆی ڕەفتارەکانی باوکی و براکەی شێت دەبێت. ئورهان کە بە خوێنی تینوو بوو، بە زەنجیر دەیبەستەوە و دواجاریش هەوڵیدا بیکوژێت. لەکۆتایی چیرۆکەکەدا خێزانەکە کەسی لێ نامێنێت، ئورهان ئورخانی کە بە مەبەستی کوشتنی براکەی لەناو کرێوەدا چووبووە دەرەوەی شار ،خۆیشی گیانی لەدەستدا و هەموو شتێک لێکهەڵوەشایەوە.

لەئەنجامدا لە «فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو»شدا مەجید ئەمانی دەگۆڕیت بە کەسێکی کاول و لە غەریبیدا کاری دەکێشتە نەخۆشخانەی دەروونی. بەدرێژایی ئەو ساڵانەی لە ئێران دووربووە، لە هەموو شتێک نائومێدبووە و تاسەی کوچە و کۆڵانەکانی تارانی کردووە و دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەڵام بەرلەوەی خۆی لە «پەشێوی جوگرافیایی و مێژوویی» دەربازبکات، لەناو دەچێت. پەیوەندی بە کونسوڵگەری ئێرانەوە دەکات و براکەی کە یەکێکە لە پلە باڵاکانی ئاسایش، هیچ هەوڵێک نادات، بۆئەوەی لێنەگەڕێت لە ڕێگای گەڕانەوە، لە سیواسدا نەکوژرێت. لەوانەشە لە پلانی کوشتنەکەیدا دەستی هەبووبێت. مەجیدیش بارودۆخی لەبراکەی باشترنییە. بە خوێنی براکەی تینووە و سەدان جار بیری لەوە کردوەتەوە، براکەی کە یەکێکە لە پلەباڵاکانی ئاسایش بە نارنجۆک بتەقێنێتەوە.

لە هیچ لایەکەوە شتێک لەبرایەتی نەماوەتەوە. بە هۆی دژایەتی و ڕقوقینەوە، هەموو شتێک لێکهەڵوەشاوەتەوە. ئاوهایە کە سرتەکانی دەبنە هاوار: «نیشتمانەکەم لە کوێیە؟ لەکوێوە بۆ کوێ هاوێژراین؟ تۆ پێمبڵێ، کاکە! ئەرێ

**ئەگەر باوك لە «سەمفۆنیای مردووەکان»دا چەرەسات و گوڵەبەڕۆژەی دەفرۆشت لە «فەریدون سێ کوڕی هەبوو»دا باوك خاوەنی کارخانەی تایەی بی ئێف گودریجە بە قەوڵی دایکی لەگەڵ شا پالودەی دەخوارد. یانی کابرای کاسبی، دەیەی بیست و سی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیکردووە و بووەتە خاوەنی کارخانە. کوڕەکانیش گەشەیانکردووە و هەموویان کەم یان زۆر خوێندەواریان هەیە**



لەبەرچی ئاوهامان لێهات؟ ئێمە شۆڕشمان کرد، بەڵام تەقینەوە. لەتێکمان چووە ژێر گڵ، لەتێکمان بوو بە میراتخۆر و کەوتە دزی و فزی، لە هەر کوێ بۆنی پارە بکات دەڕوات و لەوێ سەرمایەی خۆی دەخاتەگەڕ، لەگەڵ دادوەری شۆڕش بووەتە هاوبەش و دەیەوێ لە دوورگەی کیشدا مۆڵ دروستبکات، ئیستاش خەریکە موبلیرانی مایەپووچبوو دەکڕێت تاکو ئاوەدانییکاتەوە. لەتێکمان کەوتە بەغدا، هەتا مابوو هەر فلتەعەرەبی قسەی دەکرد، پارتیزانە پیرەکانی ڕیزدەکرد و سڵاوی سەربازیی لە ئافرەتە چەکدارەکان دەکرد. ئاخری لەناو بیابانەکاندا وەها لەتوپەتیان کرد، چما گورگ هەڵیدڕیبوو. ئەرێ گورگ هەڵیدڕیبوو.»

ئەوەی لێرەدا بوار نییە لەسەری قسەبکەین ئەو داڕووخانە بوو، کە کەسایەتییەکانی ناو ڕومانەکە هەر لە ئەسەدەوە، تاکو مەجید بە جۆرێک لە جۆرەکان گرفتاری بوون. لێکهەڵوەشان بەرلەوەی لەڕواڵەتدا دەرکەوێت لەناخەوە ڕوویداوە. پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە لەلایەنی ئینسانییەوە هێندە داڕوخاون، کە مردن ئیتر کارەسات نییە.

جیاوازییەکانی نێوان فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو و سەمفۆنیای مردووەکان زۆرن. هەر خۆی کاتێک سەبارەت بە وێکچوونەکانی دوو ڕۆمان قسەدەکەین، نابێ ئەوە لەبیرکەین، کە قسە لە سەر دوو ڕۆمانی جیاوازە بە دوو تەوەری جیاوازەوە. ئەو وردەکاریانەی ڕۆمانەکان پێکدێنن، بەتەواوی جیاوازن. عیشق لە سەمفۆنیای مردووەکاندا عیشقی پاک و ڕاستەقینەیە، لەحاڵێکدا کە لە فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو، زۆربەی کات بێچمی هەرزەیی لەخۆدەگرێت. ناتوانین لەم بابەتە کورتەدا ئاماژە بە هەموو جیاوازییەکان بکەین، بەڵام ئەو شتەی «سەمفۆنیای مردووەکان» لە «فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو» جیادەکاتەوە ئەو قسەوباسانەیە، کە بە بێ ترس و پشوودرێژی سەبارەت بە ئۆپۆزوسیۆنی دەرەوەی ئێران دەوترێت و وردە وردە هەڵوەشان و لەناوچوونی ئۆپۆزیسیۆن پیشاندەدرێت.

گێڕەرەوە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات بە «کۆمەڵێک ناپیاوی بایکوتچی» ناو دەبات، کە هێندە بازنەکەیان لێی تەسککردووەتەوە، کە کەوتوەتە ناو کەلاوەی مێژووییەوە. نوسەر لەناو دیالۆگەکانی ڕۆمانەکەدا، ئەگەر هیچ حەیایەک بە سەرانی ڕژیمەوە ناهێڵێت لەو سەریشەوە بەری ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش دادەماڵێت و سوک و چروکیان دەکات. «من تەنیا سێزدە ساڵ لەدەرەوەی وڵات تەقڵەدەوم داوە و ئێستا دەڵێم نابێت، ڕەفیق. نابێت یانی چی؟ یانی ئەوەی ئوپوزسیۆنیان پارچەپارچە کردووە، یەکگرتوویەک لەئارادا نییە، ململانێیەک لەئارادا نییە، ئەگەریش هەبێت تاکەکەسییە.»

لەوانەیە ئەنجامی چیرۆکەکە لەناو یەکێک لە دیالۆگەکانی ڕۆمانەکەدا بدۆزینەوە، ئەو کاتەی مەجید لەگەڵ ئەمیر هاوڕێی نزیک و دۆستی قۆناغی قوتابخانەی قسە دەکات. ڕومانەکە بەم ڕستەیەوە دەستپێدەکات: «لەوانەیە هەموو شتێک بە مردنی ناسرییەوە دەستپێکرابێت،» هەروەها لەشوێنێکدا دەگەینە ئەم ڕستە کلیدیە، کە دەڵێت: «لەوانەیە هەموو شتێک بە شۆڕشەوە دەستی پێکرد.» گفتوگۆ لەگەڵ ئەمیریش بە پرسیارێکی هاوشێوەی ئەو پرسیارە دەستپێدەکات:

بە ئەمیرم وت: «پێتوایە هەموو شتێک بە چییەوە دەستی پێکرد؟»

«یانی چی، هەتیو؟»

«یانی بۆچی ئاوهامان بەسەر هات؟»

«خۆمان گو بووین، گو؟»

«یانی لە کەیەوە؟»

«لەکەیەوە؟ مەبەستت چییە؟»

«لەکەیەوە گو بووین؟»

«لە سەرەتاوە، مەجید. هەر لە سەرەتاوە گو بووین و خۆمان ئەدا لە کەریەتی.»

سەرچاوە:

pm-_040714/07/http://www.bbc.co.uk/persian/arts/story/2004

cy-maroufi.shtml